شەرش لە ٢٥ی جانیوەری ناویان لە خە نا بزووتنەوەی ٦ی ئاپرە ، هەیەک هەیە بە ئاو ناوە. ئاپرەی ٦ ساڵی ٢٠٠٨بریار بوو گرنگترین و گەورەترین بزووتنەوەی کرێکاری لە کارگەی رستن و چنینی مەحەلای میسر بەڕێ بخرێت، کە گەورەترین ناوەندی پیشەسازییە، بەمانگرتن و خۆپیشاندان لەسەراسەری وڵاتدا پشتیوانی لێکرا، کەچی بەتوندترین شێوە لەلایەن دەسەڵاتەوە سەرکوتکرا. ئەمە لە ڕۆژئاوا ئەم کارانە نابنە جێگای سەرنجمان تا ئاو شۆنەی دەسەڵات توانای کۆنترۆڵی جەماوەری هەیە، کەواتە ئاو کارانە هیچ پەیوەندییەکی بە ئەمەوە نییە لە ڕۆژئاوا! بەڵام میسرێکان ئەمە لە بیر ناکەن، لەگەڵ ئاوەشدا ئەمە ئەقڵیەکە لاو زنجیرە خباتە بەردەوامیان کە لە بشکیاندا سەرکەوتنیان تیایدا بەدەست هێناوە. چەند تۆژینەوەیەکی باش هەیە لاو بارەوە. تۆژەری ئەمریکی" Joel Beinen " لە زانکۆی ستانفەردی ئەمریکییە، کەمێک کاری لە بارەی بزووتنەوەی کرێکاری میسرەوە ئەنجام داوە،وە کەمێک وتاریشی لاو بارەوە هەیە کە لە کۆن و نوێیەکانیدا باس لاوەدەکات کە کرێکارانی میسر خەبات بە دیموکراسییەت دەکەن.

پرسیار: جەرج بشی پێش ئەباما لەسەی سیاسەتکانیەوە بانگشەی ەووخاندنی دیکتاتۆرەکانی دەکرد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە دەمینە ئەفەکت "domino effect " * ناوی دەبرد و بە ڕۆژهەڵاتێکی نوێ و ئازادی ناو زەدە دەکرد. پەت وایە هیچ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان سیاسەتکانی جەرج بش و ەوداوەکانی ئێستادا؟

چەمسکی: لەڕاستیدا بابەتی سەرەکی لە مەژووی شەی ساردا بابەتی دەمینە ئەفەکت بوو بە : کوبا، بەرازیل، ڤێتنام…. هەنری کیسنجەر ئاوەی بە ڤایرەس شوبهاندو پێیوابوو دەکرێ تەشەنەبکات. کاتێک کیسنجەر و نیکسەن پلانی ەوخاندنی "ئەلەند" ** یاندا کە بشەوێکی دیموکراتیانە لە شیلی هەبژێردرابوو-(لەئێستادا ئەمە هەموو ئاو بەگەنامانەمان لەبەردەستدایە) کیسنجەر بە شەوێکی تایبەت وتی، دەکرێت ئەم ڤایرەسەی شیلی وڵاتانی ترو تەنانەت ئەوروپاش بگرێتەوە. لەڕاستیدا خەی و برجنەف ەازیبوون لەسەر ئاوە، وە هەردوکیان لە دیموکراسی دەترسان. کیسنجەر وتی دەبێ ئەم ڤایرەسە ەابماڵین. ئاوکارەشیان کردوو تێکیان شکاند.
ئەمەش هەروا، بش و ئەباما تەقیون لە بەهاری عەرەبی. هەیەکی ژیرانەشیان هەیە بە ئاو ترسە، ئاوان دیموکراسیان ناوە لە دونیایی عەرەب. ئەگەر بچوونی جەماوەری عەرەب کاریگەری هەبێت لەسەر دەسەڵاتی سیاسی، ئاوە ئەمریکاو بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتدا تووە

هێندەرنە دژەو، هەر بەیە تەقیون لە بونی دیموکراسیەت لە ناوچەکەدا.

پرسیار: ڕۆژنامەنووسی ناسراوی بەریتانی" ڕۆبرت فیسک" لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، لەم دووایانەدا رایگەیاند کەوا ئۆباما و سیاسەتکانی هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر رووداوەکان نەبووە…

چەمسکی: ئەوبابەتەم خوێندەوە، بابەتێکی زۆرباشبوو. ڕۆبرت فیسک ڕۆژنامەوانێکی بە سەلیقەیە و زۆر باش شارەزای ناوچەکەیە. پەموایە مەبەستی لە چالاکوانەکانی ٦ی ئاپرڵ کە بەتەواوی گوێ بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نادەن و پشتیان لێکردووە. ئەوان دژانن وڵاتە یەکگرتووەکان دوژمنی ئەوانن. لە ڕاپرسییەکدا لە ٩٠%ی خەڵکی میسر پێیان وایە کە ئەمریکا خراپترین هەڕەشەی ڕووبەڕووبانن دەبێتەوە، لەم چەوار چێوەیدا ئەمە مانای وانییە وڵاتە یەکگرتووەکان کاریگەری نەبێت، چوونکە خاوەنی هێزێکی گەورەیە.

پرسیار: ڕۆخنەیەک هەیە سەبارەت بە ڕۆشنبیرانی عەرەب کە زۆر بەدەنگ و خەباڵزن. ڕۆشنبیری عەرەب دەبێت چ ڕەهەندێک بگرن لەمەدا؟
چەمسکی: ڕۆشنبیران بەرپرسیارێتیەکی تایبەتیان هەیە. ئەمە پێیان دەڵێین ڕۆشنبیر چوونکە ئەمان جیاوازن نێک لەبەر ئەوەی زیرەکترن لە کەسانی تر، بەڵکو خاوەن پایەو توانایەکی تایبەتن بەیە بەرپرسیارێتیەکی زیاتریان دەکەوێتە سەرشان. ئەمە بە ڕۆشنبیرانی دونیای عەرەب و هەموو شوێنێکی تریش هەروایە.
-————————————

پەراوێز:


* "domino effect" بە زمانی ئینگلیزی دەمینێ ئەفێکت واتا کاریگەری دەمینێ بە " تیۆری دەمینێ" ش دەناسرێت و ناوی دەهێنرێت، دەستەواژەیەکی زانستی سیاسییە و لە هەمانکاتدا زاراوەیەکی سیاسیشە کە لە ساڵانی پەنجاکانەوە هەتاوەکو کۆتایی هەشتاکان ناوی دەهێنرا واتە لەسەردەمی شەڕی ساردا. ئەم زاراوە سیاسییە زۆرتر لەبەرانبەر هەژموونی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا بەکار دەبرا، بەتایبەت لەو سەردەمەدا دەسەڵاتی کۆمۆنیستی لە جیهاندا ڕوولەگەشبوو. بەیە سیاستەمەدارانی ئەمریکاو ڕۆژاوا پێیان وابوو ئەگەر ڕۆ لەمە نەگیرێت ئەوا وەک کەوتنی پووڵی دەمینێ وڵاتەکانی دونیا دەروخێن و دەسەڵاتی کۆمۆنیستی جێگایان دەگرێتەوە. (وەرگێر)
** "ئەڵقاندێ" سلڤادۆر ئەڵەندێ یەکەمین کەسی مارکسی بوو بەشێوەیەکی

دیموکراسیانە لە مارسی ١٩٧٣ لە وڵاتی شیلی لە ئەمریکای لاتین لەلایەن خێکەوە هێبژێردرا و لە کودەتایەکی سەربازیدا بە پشتیوانی ئەمریکا لە ١١-٩-١٩٧٣ کوژرا. (وەرگێر)

سەرچاوە:
qantara.de
ئەم بابەتە لە ژمارە 5 ی گۆڤاری کەنسێپت بڵاو بۆتەوە.

قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم... کە چیرۆک ... دیدار مەسیفی

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ...



فەلسەفەیەکی بەسەزتر و شکەماندانەتری سەرکەوتن ... ئالان

دی بۆتۆن وەرگێڕانی: ئاکۆ قادر

لای من گرفتە پیشەیەکان زۆر ڕووەدەن، لە ڕاستیدا زۆرجار ئۆورانی ژێزانی یەکشەمە کاتێک خۆر ئاوادەبێت و بڕشایی نێوان هیواکانم کە بۆ خۆم هەمە لەگەڵ واقعی ژیانمدا بە شێوەیەکی ئازاربەخش گەورە دەبێت، زۆر جار لە کۆتاییدا دەست بە گریان دەکەم.
هەموو ئەم شتانەتان بۆ دەگێڕمەوە لە بەر ئەوەی بۆوام وایە ئەمانە تەنها گرفتکی کەسی نیە، پێ دەچێت بۆواتان وابێت من هەڵەبم لەمەدا، بەڵام بە بۆوای من ئێمە لە سەردەمێکدا دەژیین بەبەردەوامی گرفتە پیشەییەکانی تێدا ڕووەدات، و بەر ئەو ساتانەمان دەکەوێت کەوابیرمان دەکردەوە کە ژیانی خۆمان و پیشەکانمان دەناسین، ئەوە وامان لێ دەکات هەست بە مەترسی بکەیین.
پێ دەچێت ئێستا دابینکردنی گوزەرانێکی باش ئاسانتر بێت لە چاو ڕابردودا، بەڵام لەوەدەچێت ئێستا بە بەراورد بە ڕابردوو گرانتربێت کە بتوانیت ئارام بمێنیتەوە و ئازادبین لە دڵەڕاوکێ ی پیشەیی، ئێستا دەمەوێت ئەگەر دروست بێت چاوێك بە هەندێك لەو هەیانەدا بخشێنن کە دەبنە هۆی هەست کردنمان بە دڵەڕاوکی بەرامبەر پیشەکانمان و دەربارەی ئەوەی بڕچی دەبینە قوربانی تەنگەژە پیشەیەکان، هەندێك جار بە هۆمنی لە سەر جێ خەوەکانمان دەگریین، پێدەچێت یەکێك لە هۆیەکانی ئەم ئازارچەشتنانەمان ئەوەبێت کە ئێمە دەوروبەرمان گیراوە بە لە خۆباییەکان.
ئێستا بە جۆرێك لە جۆرەکان هەندێك هەواڵی ناخۆشم پێ یە، بە دیاریکراوی بۆ هەرکەسێك لە دەرەوە هاتبێت بۆ شاری ئێکسفۆرد، لەوێ کێشەیەکی ڕاستەقینەیان دەبێت لە گەڵ لە خۆبایبوندا، هەندێك جار خەڵکی وابیردەکەنەوە کە بەریتانیا بە دیاردەی لەخۆباییبون جیادەکرێتەوە، دیاردەیەکی جیاکەرەوەی ئەوێ یە بەهۆی خانوە فەخمەکانی و ناونیشانی، بەڵام هەواڵکی ناخۆشم پێ یە ئەویش ئەوەیە ئەمە ڕاست نیە، لە خۆبایبون دیاردەیەکی جیهانیە، ئێمە ڕۆکخراوکی جیهانین، لەخۆبایی کێ یە؟ لەخۆبایی هەرکەسێکە کە: "بەشێکی بچوك لە تۆ وەردەگرێت و بەکاریدەهێنێت بۆ دروستکردنی وێنەیەکی تەواو لە تۆ"، ئەمەیە لەخۆباییبوون.
بەڵام جۆری زیاتر بەربڵاوی لەخۆباییبون لەم ڕۆژانەدا، لەخۆباییبونی کارە، ئەم جۆرە لە لەخۆبایبونە هەر لە ساتەکانی یەکەمی چونت بۆ هەر ئاهەنگێك ڕووبەڕووت دەبێتەوە، کاتێك یەکێك پرسیارە بەناوبانگەکەت لێ دەکات، پرسیاری سەرەتای سەدەی بیست و یەك: "ئیشت چی یە؟" بەرمەبنای ئەو وەڵامەی کە دەیدەیتەوە ئەو

کەسانە یان بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دڵخۆش دەبن بە بینینت، یاخود تەماشای کاتژمێرەکانی دەستیان دەکەن و بیانوێك دەهێننەوە بۆ دوورکەوتنەوە لێت.
ئێستا، پێچەوانەی لەخۆبایی دایکتە، مەرج نیە بەدیاریکراوی دایکی تۆ، یان دایکی من، بەڵام ئەگەر دروست بێت بڵێین "دایکی ئایدیاڵ" واتە ئەو کەسەی دەستکەوتەکانتی بەلاوە گرنگ نیە، بەڵام بۆ بەدبەختی زۆرینەی خەڵکی دایکمان نین، زۆرینەی خەڵکی پەیوەندییەکی تونڊ دەڕزنەوە لە نێوان بڕی کات یان تەنانەت سەرسامی و خۆشەویستی- خۆشەویستی نائاماتیکی هەرچەندە دەشێت ئەوە بەشێك بێت لەوە، بەڵام مەبەستم خۆشەویستیە بەشێوەیەکی گشتی و ئاز- ئەوان ئامادەن دانمان پێدابنێن، بەڵام ئەمە بەوردی بەستراوە بە پێگەمانەوە لە زنجیرەی هەڵەمی کەمەڵایەتیدا.
ئەمەش بەشێکی گەورە پێکدەهێنێت لەو هەڵکارەی وامان لێ دەکات زۆر بە توندی گرنگی بدەیین بە پیشەکانمان، لە ڕاستیدا ئەمە هەڵکاری زۆر گرنگیدانمانە بە شمەکە مادییەکان، زۆر جار پێمان دەوترێت کە ئێمە لە سەردەمێکی مادیدا دەژین و ئێمە هەمومان خەڵکی تەماعبازیین، بەڵام لەوبۆایەدا نیم ئەمە ڕاست بێت کە هەموومان مادیی بیین، بەڵام لە کەمەگایەکدا دەژیین بە سادەیی هەستاوە بە گرێدانی بەدەستهێنانی شمەکە مادییەکان بە دیاریە مەعنەوییەکانەوە(سەرمایەی هەمزی)، ئەوەی ئێمە دەمانەوێت شمەکە مادییەکان نین، بەڵکو ئەو سەرمایە هەمزییەیە (ئەو پاداشتەیە) کە پێ یەوە بەستراوە، ئەمەش ڕۆگایەکی تازەیە بۆ بینینی شمەکە کەمالیەکان، لە جاری ئایندەدا کاتێك کەسێك دەبینیت ئوتومبێلێکی لە جۆری "فیراری" لێ دەخوڕێت لە بەر خۆتەوە مەڵێ "ئەو کەسە تەماعبازە" بەڵکو بڵێی: "ئەوە کەسێکی بێ ئەندازە لاوازە و پێویستی بەخۆشەویستیە"، هەست بە هاوسۆزی بکە لە بەرامبەریدا لە بری ئەوەی ڕقت لێ ببێتەوە.
هێی تر هەیە، هەڵکاری تر هەیە لە پشتی ئەوەوە کە هەنوکە هەستکردنمان بە ئارامی بووە بە شتێکی گران لە چاو ڕابردودا، یەکێك لەو هۆیانە هێیەکی دژیەکە لە بەر ئەوەی پەیوەندیدارە بە شتێکی بەڕاستی چاکەوە ئەویش هیوایە ئەوەی کە هەمومان هەمانە بەرامبەر بە پیشەکانمان، هەنوکە چاوەڕوانیەکانمان لە بارەی ئەوەی مرۆڤ دەتوانێت لە ماوەی ژیانیدا بە دەستی بهێنێت هەرگیز تا ئەم ئاستە بەرز نەبێتەوە، ئەمڕۆ لە زۆر سەرچاوەوە پێمان دەوترێت کە هەموو کەسێك توانایی هەیە هەرشتێکی بوێت بەدەستی بهێنێت، ئێستا چیدیکە سیستەمی چینایەتی نەماوە، ئێمە ئێستە لە سیستەمێکدا دەژیین هەموو کەسێك دەتوانێت بەرز بێتەوە بۆ ئەو پێگە

کۆمەڵایەتیەی کە خۆی دەیەوێت، وئەمەش بیرکەیەکی جوانە. سەرەڕایی ئەوە ئێستا جۆرێك لە یەکسانی هەیە، هەموومان بە شێوەیەکی بنچینەیی یەکسانین، هیچ شێوازێکی دیاریکەری وردی بە زنجیرەی هەڵەمی کۆمەڵایەتی نەماوە. کێشەیەکی ڕاستەقینەی گەورە هەیە لە گەڵ ئەوەدا، ئەو کێشەیەش ئیرەیی یە، ناوهێنانی ئیرەیی شتێکی قەدەغەکراوە، بەڵام یەك هەستی بادەستە هەیە بە سەر کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا ئەویش ئیرەیی یە، کە بەستراوەتەوە بە ڕۆحی یەکسانیەوە.

با بڵێین ووتبکەمەوە، لەو بڕوایەدام شتێکی ناڕاسایی دەبێت بە هەر یەکە لە ئێوە یان بینەران، کە ئیرەیی بە بە پادشای ئینگلتەرا ببات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەو لە هەموتان دەوڵەمەندتر بوە، سەرەڕای ئەوەی خانویەکی زۆر گەورەی هەیە، هێی ئەوەی کەسمان ئیرەیی بە ئەو نابەیین ئەوەیە کە ئەو ڕەفتار سەیرە، ئەو بە سادەیی زۆر سەیرە، وە ناتوانین پەیوەندی لەگەڵدا ببەستین، ئەو بەشێوەیەکی پێکەنینهێنەر دەدوێت، هەروەها لە شوێنکی سەیریشەوە هاتوە، کەواتە ئێمە ناتوانین پەیوەندی لە گەڵدا ببەستین، کاتێکیش ناتوانین پەیوەندی لە گەڵ کەسکدا ببەستین ناتوانین ئیرەیی پێ ببەیین.

هەرچەندە دوو کەس لە تەمەن و پاشخان و پرسەی دیاریکردنی شوناسدا نزیك بوون لە یەکتریەوە، زیاتر مەترسی ووبەووبونەوەیان بە ئیرەیی هەیە، لە بەر ئەوەیە کە نابێت هیچ یەکێك لە ئێوە ئامادەبێت بڕوات بۆ ئاهەنگی دووبارەی کۆبونەوەی هاوڕیانی کۆنی قوتابخانە، لە بەر ئەوەی هیچ سەچاوەیەکی لەوە بەهێزتر نیە بۆ ئیرەیی لەو خەکانەی کە لە گەڵیاندا بویین لە قوتابخانە، بەڵام کێشەی کۆمەڵگای هاوچەرخ بە شێوەیەکی گشتی ئەویە کە جیهان هەمووی دەگۆڕێت بۆ قوتابخانە، هەموو تێیدا جینز لە پێدەکەن، هەموان تێیدا لە یەکدەچن، بەڵام لە ڕاستیدا وانین، لێرە ڕۆحی یەکسانی هەیە و یەکانگیرە لە گەڵ نایەکسانیەکی قوڵدا، ئەمەش دەشێت ببێتە هێی فشارێکی زۆر ماندوکەر.

لەوانەیە سەختی ئەوەی لە سەردەمکی وادا بەبگەیت بە ئاستی "بیل گیتس" لە دەوڵەمەندی و ناوبانگدا، هەر هەمان چەشنی سەختی بێت لە گەشتن بە چینی ئەرستۆکراسی فەرەنسی سەدەی حەڤدە. بەڵام بیرکردنەوەیەك هەیە ئەمە ڕەتدەکاتەوە، ئەویش گۆڤارو هەیەکانی ڕاگەیاندنە کە دەڵێن ئەگەر وزەی ئەوەت تیا بێت دەتوانیت، هەروەها هەندێك بیرکردنەوەی سەرنج ڕاکێش پێشکەدەکەن لە بارەی تەکنەلۆجیاو کەراجی ئۆتۆمبیل لە ماڵەکەتدا پێدەڵێن کەواتە ئەها تۆش دەتوانیت دەست بکەیت بە شتێکی گرنگ.

ئەنجامی ئەم کێشەیەش خەڵکی وا هەست دەکەن کە وەک ئەوەی لە کتێبخانەیەکی فرۆشتنی کتێب بن، کاتێک دەڕۆن بۆ کتێبخانەیەکی گەورەی فرۆشتنی کتێب و دەوانیتە بەشی گەشەپێدانی خود هەر وەکو من هەندێکجار دەیکەم، ئەگەر دەست بکەیت بە شیکردنەوەی کتێبەکانی بواری (یارمەتیدانی خود) کە ئەمڕۆ لە جیهاندا دەنوسرێت، تێبینی دەکەیت کە لە دوو جۆری بنەڕەتین، جۆری یەکەم پێت دەڵێت: "دەتوانیت هەر چیت بتەوێت بەدیبهێنیت! دەتوانیت سەرکەویت! هیچ ئەستەمێک نیە!"، بەڵام جۆری دووەم لە بیرکەی ناو ئەو کتێبانە باس لەچۆنیەتی گونجان دەکات لە گەڵ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێزدارانە ناویدەنێن: "کەمی متمانە بە خۆ بوون"، وە بەشێوەیەکی قەزەونیش پێ ی دەوترێت "هەست بە خراپی کردن بەرامبەر خۆمان".

پەیوەندییەکی ڕاستەقینە هەیە لە نێوان کۆمەڵگایەکدا بە خەڵکی دەڕێت کە دەتوانن هەر شتێک بیانەوێت بیکەن لە گەڵ دیاردەی بوونی کەمی متمانە بە خۆکردن تێیدا، کەواتە ئەمە ڕۆگەیەکی تیرە کە دەکرێت لە بابەتێکی ئیجابیەوە پەرچەکردارێک بکەوێتەوە، هەندێک جار هۆیەکی تر هەیە بۆ هەستکردنمان بە دڵەڕاوکێ بەرامبەر پیشەکانمان و بەرامبەر بە پۆگەمان لە جیهانی ئەمڕۆدا لە چاو ڕابردودا، ئەویش دیسان پەیوەندیدارە بە شتێکی باشەوە ئەو شتە باشەش ناو دەبەرێت بە شایستەکراسی (meritocracy – الجدارة).

ئێستا هەموان سەرجەم سیاسیەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ، لەوەدا یەکدەگرین کە شایستەکراسی شتێکی چاکە، پێویستە لە سەر هەمومان هەوڵبدەیین کۆمەڵگاکانمان بە ڕاستی شایستەکرات بێت، کۆمەڵگای شایستەکرات چی یە؟ کۆمەڵگای شایستەکرات ئەو کۆمەڵگایە هەرکەسێک تێیدا خاوەنی زیرەکی و وزە و بەهرەبێت دەگاتە لوتکە، نابێت هیچ شتێک ببێتە ڕێگر لە بەردەمتدا، ئەمەش بیرکەیەکی جوانە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئەگەر تۆ بڕوات بە کۆمەڵگایەک هەیە کە ئەوەی لە لوتکەدایە ئەوەیە کە شایستەی ئەوەیە بگاتە لوتکە، ئەوا بە شاراوەیی بڕوات بەوە هێناوە، بە شێوەیەکی خراپ باوەڕت بە کۆمەڵگایەک هێناوە کە ئەوەی شایستەی ئەوەیە لە خواری خوارەوە بێت لە خواری خوارەوەی کۆمەڵگایە و هەر لەوێدا دەمێنێتەوە، بە واتایەکی تر پۆگەی تۆ لە ژیاندا بە ڕێکەوت نەهاتوە و بەکۆشتکی شایستەتە و بەدەست هاتوە (واتە ئەو بارودۆخەی کە تێیدایت شایستەیە بە تواناکانت، و پۆ بە پێستی هەرکەسێکە –و-)، ئەمەش وادەکات دڵنیان شتێکی زۆر داوخێنەر بێت.

دەزانن کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئینگلتەرا، ئەگەر کەسێکی هەژارت بدیبایە ئەوا ئەو کەسە ناودەبرا بە "بەدبەخت" بەشێوەیەکی حەرفی یانی کەسێکە کە بەهرەوەر نەبووە بە سامان، بۆ بەختە. بەڵام

لەم سەردەمەدا بەتایبەت لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەگەر یەکێك لە چینی هەرە خوارەوەی کۆمەڵگا ببینیت، لەوەدەچێت بە شێوەیەکی دڕەقانە ناوببرێت بە "دۆڕاو (فاشل loser -)". جیاوازییەکی زۆریش هەیە لە نێوان کەسێکدا پێ بوترێت "بەدبەخت (بێ چارە)" لە گەڵ "دۆڕاو- loser"، ئەمەش ئەو 400 ساڵە لە پێشکەوتنی کۆمەڵگامان پێ نیشان دەدات، هەروەها ئەو بۆچوونەمان پێ نیشان دەدات کە هەمانە بەرامبەر ئەو کەسەی پەرپرسە لە ژیانمان، چیتر خوداکان لەمە بەدوا بەرپرس نین، بەڵکو خۆمانین، خۆمان بە ئادەستین بە سەر ژیانمانەوە.
ئەمەش شتێکی دژخۆش کەرە بەلای ئەوانەوە کە ژیانیان بە شێوەیەکی باش دەڕوات، وە شتێکی داوخێنەرە بەلای ئەوانەوە کە بارودۆخیان باش بەڕێوە ناچێت، ئەمەش لە خراپترین دژخدا بە پێ ێیکدانەوەی زانایانی کۆمەڵناسی.. وەك ئەمیل دۆرکایم، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆکوشتن، بڕیە لە وڵاتانی پێشکەوتو و تاکگەرادا ڕێژەی خۆکوشتن لە هەر بەشێکی تری جیهان زیاترە، بەشێك لە هۆی ئەوەش ئەوەیە کە خەڵکی لەم شوێنانەدا ئەو شتانەی بەسەریاندا دێت زۆر بە تونڈی بەکەسی دەکەن (واتە هۆیەکەی دەگەڕێننەوە بۆ خۆیان _و_)، خۆیان خاوەنی سەرکەوتنەکانیانن و هەر خۆشیان خاوەنی شکستەکانیانن.
ئایا ێیگایەك هەیە بۆ ڕزگابوون لەو فشارانەی کەمێك لەمەوبەر خستمە ڕوو؟ لەو بڕوایەدام بەڵێ، تەنها دەمەوێت چاوێك بگێڕم بە هەندێکیاندا، با شایستە بوون بە نمونە وەرگرین، بیرکەی ئەوەی هەر کەسێك شایستەی ئەوەیە کە پێ ی گەشتوە، لەو بڕوایەدام ئەوە بیرکەیەکی شێتانەبێت، بەتەواوی شێتانەیە، پشتگیری هەر سیاسیەك دەکەم لە ڕاست بێت یان چەپ، بیرکەیەکی تا ئاستێك چاکی هەبێت لە بارەی شایستەییەوە، من لە هەوادارانی پرەنسیپی شایستەییم، بەڵام بڕوام وایە، شێتیە ئەگەر بڕوات وابێت کە دەتوانین کۆمەڵگایەکی شایستەکراتی ڕاستەقینە دروست بکەیین، ئەمە خەونێکی ئەستەمە.
بیرکەی ئەوەی کۆمەڵگایەك دروست بکەیین، هەموان پلەبەندکرابین بە وردی، چاکەکان لە لوتکەدا، وخراپەکان لە بنەوە بن، ئەمەش بە تەواوەتی وەك خۆی جێ بەجێ بکرێت ئەستەمە، بە سادەیی لە بەر ئەوەی زۆر هۆکاری هەمەکی هەیە وەك: ڕووداوەکان، ڕووداوەکانی لە دایك بوون، ڕووداوەکانی کەوتنی شتەکان بەسەر سەری خەڵکیدا، نەخۆشیەکان، هتد، ناتوانین هەرگیز ێیزبەندییان بکەیین، وە ناتوانین هەرگیز خەڵکی وەك ئەوەی پێویستە پلەبەند بکەیین.
وتەیەکی جوانی قەدیس ئۆگستین سەرنجی ڕاکێشاوم لە کتێبی "شاری خودادا" کە لەوێدا دەڵێت: "بڕیاردان بەسەر خەڵکدا بە پێ ی

پەستەکانیان گوناهە"، ئەمەش بە ئینگلیزی تازە واتە گوناە، واتە وێنەیەك لە هەر کەسێك دروست بکەیت کە پێویستەی لە گەڵی بدوێیین بەرمەبنایی جێری ئەو کارو پیشەیەی کە هەیانە، ئەوە پێست نیە کە دەبێت لە بەرچاوی بگریت. بە پێ ی "قەدیس ئێگستین" تەنها خوا بێی هەیە هەر کەسێك بخاتە ئەو شوێنەی کە شایستەیەتی، ئەویش ئەو کارە لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا دەکات لە گەڵ فریشتە و نەفخی سور، و ئەوکاتەی ئاسمان دەکرێتەوە. ئەمەش بیرکەیەکی شێتانەیە بێ کەسێك کە وەك من علمانی بێت، بەڵام سەرەڕایی ئەوەش شتێکی زۆر بەنرخ لەو بیرکەیەدا هەیە.

بە مانایەکی تر جەوی خێت بکە کاتێك بێیار بەسەر خەڵکیدا دەدەییت، پێویست ناکات بەهای ڕاستەقینەی کەس بزانیت، ئەمە بەشێکی نەزانراوە لەواندا، پێویست ناکات وا هەڵسوکەوت بکەیین وەك ئەوەی دەیزانین. سەرچاوەیەکی تر هەیە بێ دڵدانەوەو ئارامی لە هەموو ئەم شتانە، کاتێك بیر لە دڕان لە ژیاندا دەکەینەوە، کاتێك بیر لە دڕان دەکەینەوە، یەکێك لە هۆیەکانی ترسمان لە دڕان ئەوە نیە کە دەستکەوتەکانمان لە دەست دەدەین یان پێگەکانمان دەدڕێنین، بەڵکو ئەوەی لێ دەترسیین بێیاردانی ئەوانی تر و گاڵتەپێ کردنەکانیانە، ئەمەش بەڕاستی هەیە.

لایەنێی یەکەمێی بەرپرس لەم سەردەمەدا لەم گاڵتەپێکردنە ڕۆژنامەکانن، ئەگەر ڕۆژێك لە هەر ڕۆژێکی هەفتە پەڕەی ڕۆژنامەیەك هەڵبدەییتەوە دەبینیت پڕە لەو کەسانەی کە ژیانی خێیان شێواندوە، لە گەڵ خەڵکی نەگونجاودا خەوتون، مادەیەکی هەڵەیان خواردوە، یاسایەکی هەڵەی تێپەڕاندوە، هەرچیەك بێت، دەبنە بابەتی گونجاوی گاڵتەپێکردن، بە واتایەکی تر "دڕان"، وە ئێستا ناودەبرێن بە "دڕاو – losers"، ئایا ئەتەرناتیڤێك بێ ئەمە هەیە؟ لەو بۆچوونەدام تەقالیدی ڕۆژئاوایی ئەتەرناتیڤێکی باشی تێدایە، ئەویش تراجیدیایە.

هونەری تراجیدیا، وەك ئەوەی لە شانۆکانی یۆنانی دێرینداا لە سەدەی پێنجی پێش زایینداا گەشەی پێ دراوە لە بنچینەوە شێوەیەك بووە لە شێوەکانی هونەرێك تەرخانکراوە بێ باسکردنی هەکاری دڕانی خەڵکی. هەروەها بێ پێدانی بڕێك لە هاوسۆزی (sympathy) پێیان. و پێویست ناکات ژیانێکی ئاساییان پێ بدەییت، چەند ساڵێك لەمەوبەر بیرم لەم بابەتە دەکردەوە، ڕۆشتم چاوێك بخشێنم بە ڕۆژنامەی "وەرزشی یەکشەمە" کە ڕۆژنامەیەکی میللی یە، ئەگەر پێشوەخت خێتان ناینناسن من پێشنیازی ئەوەتان بێ ناکەم بیخوێننەوە، ڕۆشتم بێ لایان بە مەبەستی قسەکردن لە گەڵیاندا دەربارەی یەکێك لە تراجیدیا سەرنجڕاکێشەکانی هونەری ڕۆژئاوایی و ویستم بزانم چۆن کار لە سەر

ەگەزە سەرەکیەکانی هەندێك چیرۆك دەکەن، ئەگەر وەك مادەیەکی هەواڵی هاتە نوسینگەی هەواڵی ئۆوارانی شەمەیانەوە.
باسی ئۆتۆلۆم بۆ کردن، پشتر هەرگیز نەیان بیستبوو بەڵام سەرسامبوون پێ ی، و داوام لێ کردن ناونیشانێکی سەرەکی بۆ چیرۆکی ئۆتۆلۆ بنوسن، ئەوان پشنیاری ناونیشانی: "پەنابەرێکی شت لە عەشقدا کچی ئەندامی ئەنجومەنی پیران دەکوژێت" ئەمە ناونیشانی سەرەکی ئەوان بوو بۆ ئەو چیرۆکە ئەگەر بڵاوببوایەتەوە لە ژنامەکەدا، ووداوەکانی چیرۆکی "مەدام بۆڤاریم" پێ وتن جارێکی تر نوسەرەکانیان سەریان سوڕا بە بیستنی و بەمشوەیە دایانشت: "سزانیەکی ئاوەدە بە بازاڕکردن، زەرنیخ دەخوات دوایی ئەوەی توشی کردەیەکی دەستبێنی مادیی دەبێت"، ئەوەی لەناو هەموو ئەم شتانەدا سەرنجم ڕادەکێشت ئەویە ئەو پیاوانە خاوەنی جۆرێکی تایبەتن لە بلیمەتی. ناونیشانی سەرەکیش کە لەوانی تر بەلامەوە سەرنج ڕاکێشتر بوو ئەو ناونیشانەی ئەوان بوو بۆ چیرۆکەکەی سۆفۆکلیس "ئۆدیبی پادشا": "سکسکردن لە گەڵ دایکمدا بووە هۆی کۆری".
بەهەرحاڵ، ئەگەر ویستتان، لە لایەکی بەشی هاوسزیدا، ئەوا ژنامەی میللیتان هەیە، لە لایەکەی دیکەشدا تراجیدیا و هونەری تراجیدی هەیە، گریمانە دەکەم کە من گفتوگۆ دەربارەی ئەوە دەکەم کە پێویستە هەندێك حیکمەت دەربارەی ئەوە فێربین کە لە ناو هونەری تراجیدیدا ووەدات، شتەیە بە هاملەت بڵێت دڵاو، ئەو دڵاو نیە، سەرەڕایی ئەوەی کە ئەو بەڕاستی دڵا، وە وای بۆ دەچم ئەمە پەیامی تراجیدیا بێت بۆ ئێمە، لەو بڕوایەدام هەر ئەمەش وای لێ دەکات زۆر زۆر گرنگ بێت.
شتێکی تری هاوپەیوەند بە کێمەگای هاوچەرخەوە، کە بووە بە هۆی ئەو دڵەاوکێ یە، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە شتێکمان نامرۆیمان لە ناو کێمەگاکانماندا وەك سەنتەر نەماوە، ئێمە یەکەم کێمەگاین لە جیهاندا دەژیین بۆ ئەوەی شتێك بپەرستین جگە لە خۆمان، زۆر بە باڵایی دەوانینە خۆمان، هەر دەبێت واش بکەیین. خەڵکانێکمان نارده سەر مانگ، شتی زۆر جۆراوجۆری ناوازەمان ئەنجامدا، ئەو شتانەیە وامان لێ دەکات خۆمان بپەرستین. پاڵەوانەکانمان پاڵەوانی مرۆڤین، ئەمەش بارودۆخێکی زۆر تازەیە، لە سەنتەری زۆرینەی کێمەگاکانی تردا، پەرستنی شتێکی باڵا هەیە، وەك خودا، ڕۆح، هێزێکی سروشتی، گەردوون، هەر چیەك بێت ئەو شتە، شتێك بێت بۆ پەرستن، ئێمە تا ئاستێك ئەو نەریتەمان لەدەستداوە ئەوە بکەیین، ئەمەشە وامان لێ دەکات سروشت بە شێوەیەکی تایبەت سەرنجمان ڕابکێشت ئەمەش لە پێناوی تەندروستیماندا نیە، هەرچەندە زۆر جار وا پیشاندەدرێت، بەڵکو لە بەر ئەوەیە کە دەرەچەیەکە بۆ هەڵاتن لە

خەمان، لە کێبەرکێکانمان، لە دراماکانمان، ئەمەشە هەکاری چۆژەرگرتنمان لە بینینی دەریا بەبەستەڵەکبووەکان و زەریاکان، وە ئامان لە زەوی لە دەرەوە لە فەزاوە، هتد. حەزدەکەین لە پەیوەندیدا بمنینەوە لە گەڵ شتێکی نامرۆیدا، وئەمەش شتێکی زۆر گرنگە بەلای ئێمەوە.
لەو بۆچوونەدام ئەوەی دەربارەی دواین سەرکەوتن و دۆڕان بێت، شتێکی سەرنجڕاکێشی پەیوەندیدار هەیە بە سەرکەوتنەوە ئەویش ئەوەیە ئێمە وا دەزانین مانای سەرکەوتن چی یە. ئەگەر من باسی کەسێکم بۆ کردن کە لە سەر شاشە هەیە پێم وتن ئەو کەسە زۆر زۆر سەرکەوتوە.. ئەوا یەکسەر کێمەڵەك وێناتان دەربارەی ئەو کەسە بۆ دروست دەبێت، بۆواتان وادەبێت کە ئەو کەسە پارەیەکی زۆری هەیە و لە بوارێکی دیاریکراودا ناوبانگی بەدەستهێناوە، بەڵام من بۆچونێکی تایبەتم لە بارەی سەرکەوتنەوە هەیە، سەرەڕایی ئەوەی من خۆم لەو کەسانەم کە گرنگی بە بابەتی سەرکەوتن دەدەم، وە دەمەوێت سەرکەوتو بم و هەمیشەی بیر لەو پرسیارەدەکەمەوە: "چۆن دەتوانم زیاتر سەرکەوم؟"، بەڵام وا من تەمەنم هەڵدەکشێت و ئیدی زیاتر گرنگی بە مانای ڕاستەقینەی وشەی "سەرکەوتن" دەدەم.
ئەو بیرۆکەیەی کە هەمە دەربارەی سەرکەوتن یەکەم ئەوەیە تۆ ناتوانیت لە هەموو شتێکدا سەرکەوتو بیت، ڕاستە زۆر گومان لەوە دەبێت کە باس لە هاوسەنگی دەکات لە کار و ژیاندا، بەڵام ئەمە ڕاست نیە.. تۆ ناتوانیت هەموو شتێك بەدەست بهێنیت، ناتوانیت. بۆیە هەر چەمکێکی سەرکەوتن پێویستە دژانی شتێکی لە بەرامبەردا بەدواداببێت، واتە چەمکی سەرکەوتن لە ناواخنیدا هەگری هەگەزی دژانە، بۆیە هەر ژیانێکی ژیرمەندانە ئەوە پەسەند دەکات کە من باسی دەکەم لە بارەی بوونی هەگەزێك لەو هەگەزانەی کە ناتوانیت پێی بژیت سەرکەوتن.
شتێکی تر هەیە لە بارەی ژیانی سەرکەوتوەوە ئەویش لە هەموو کاتێکدا ئەو بیرۆکانەی هەمانە لە بارەی ژیانی سەرکەوتوەوە بیرۆکەی تایبەتی خۆمان نیە، بەڵکو لەوانی تریش وەرمانگرتوە، بە شێوەیەکی گشتی، ئەگەر پیاو بیت، ئەوا وێنای باوکت بۆ سەرکەوتن وەرگرتوە و ئەگەر ئافرەتیشیت وێنای دایکت بۆ سەرکەوتن وەردەگریت، شیکردنەوەی دەروونی 80 ساڵە لە بارەی ئەمەوە دەدوێت بۆ ئەوەی کەسێك بە باشی تا ئەمڕۆ گوێ ی بۆ گرتبێت… بەڵام من زۆر بۆوام پێ یەتی.
هەروەها ئێمە پەیام لە زۆر شوێنەوە وەردەگریین، لە تەلەفزیۆنەوە بۆ یکلامەکان بۆ شمەکە بە بازارکراوەکان، هتد. ئەم ئامرازانە زۆر کاریگەرن لە دیاریکردنی ئەوەی دەمانەوێت، هەروەها لەوەی کە چۆن

خەمان دەبینین، کاتێك دەوترێت کارکردن لە بانکەکاندا پیشەیەکی زۆر ڕێزدارانەیە ئەوا زۆرینەی ئەمە دەمانەوێت لە بانکدا کاربکەین. کاتێکیش کارکردن لە بەنکدا وەك کارێکی ڕێزدارانە باس ناکرێت ئیدی حەزمان بۆ کارکردن تێیدا نامێنێت، ئەمە هەمومان زۆر کراوەیین لە بەردەم پێشنیازەکاندا.
ئەوەی دەمەوێت بیخەینە بەر باس ئەوەنیە کە واز لە لە وێناکانی خەمان بهێنین لە بارەی سەرکەوتنەوە، بەڵکو دەبێت دنیا بینەوە کە وێناکانمان لە بارەی سەرکەوتنەوە وێنای تایبەتی خەمانە، بۆیە پێویست دەکات بە بیری خەمان بیر بکەینەوە، و تەواو دنیا بینەوە لەوەی کە ئەوە ئەمەین کە ئەو شتانەمان دەوێت، ئەوە ئەمەیین ئەوەمان دروست کردوەو خەمان دروست کەری تەماعەکانمانین، شتێکی خراپە کاتێك ئەوەی دەمانەوێت دەستمان نەکەوێت، بەڵام لەوە خراپتر ئەوەیە کە کە بیرکەیەکت هەبێت لە بارەی ئەوەی کە دەتەوێت بەدەستی بهێنیت بەڵام لە کۆتایی ئەو گەشتەتدا بەدوای ئەو بیرکەیەدا بێت دەربکەوێت کە تۆ دوای بیرکەیەکی هەڵە کەوتویت، لە بەر ئەوەی ئەوە ئەو شتە نەبووە کە بەڵاستی تۆ ویستوتە.
لێرەدا کۆتایی بەم باسە دەهێنم بەڵام دەمەوێت بە هەموو مانایەك جەختبکەمەوە لە سەرکەوتن، هەروەها لە پێویستی پیاچونەوە بە بیرکەو وێناکانمان لە بارەی سەرکەوتنەوە، جەختدەکەمەوە لەوەی پێویستە دنیابینەوە لەوەی کە ئەو بیرکانەی هەمانە لە بارەی سەرکەوتنەوە بیرکەی تایبەتی خەمانە.

سەرچاوە:
https://www.ted.com/talks/alain_de_botton_a_kinder_gentler_philosophy_of_success

---

وێستگەکانی ژیان … کامەران چروستانی

لە شەندەفڕی ژیاندا دانیشتوو: لەم وێستگە بۆ ئەو وێستگە، لەم هەوار بۆ ئەو هەوار بەردەوامە، ناوچەکان تێدەپەڕنێت، وێستگە جیاوازەکان دەبینێت: لەم وێستگەیە دادەبەزێت و بۆ شەندەفڕەکی

دیکە گشتکی بردەوام دەبێت، دیمەنەکان دەن و لە ساتەکدا دەبن بە ئابردوویەک، لەناکاو لە دوورەوە چاوکانی شتکیان بەدی کرد، شوەن سەرنجی هەست و ناخەتی، شەندەفرەکە بردەوام بوو پشوە دەدات، هەندەی دەت لەو شتلکەیە، لەو شتە، لەو بابەتە نزیک دەبتەوە، نزیکتر، هەندەی دیکە لە یەکتر نزیک دەبنەوە، دەتوانێت باشتر و ئاشکراتر بیبینێت، لەلای ووتر دەبێت ... دەبێت بە یاوەری ناخی، چاوکانی، خیاڵ و هەستی.
وەها لەی نزیک دەبتەوە، کە خەی بە شووشەی شەندەفرەکەوە دەنووسێت، شووشەکەش دەبێت، جەستەشی دەبێت و دەچتە ناو ناخیەوە، لە سنووری بابەت دەردەچێت و دەبێت بە بشەک لە خود: لەگە گشتکەی ژیان و هەموو وەستگەکاندا بردەوام دەبێت، لەگەیدا دەت و دەوات.
لە وەستگەیەک لە وەستگەیەکی ژیان دادەبزێت، هەندەک لە بابەتکانی ژیانی خەی لەناو شەندەفرەکەدا بجێ دەهێت، ئەوەی دەمنتەوە تەنها یادەوەرییە بجێماوەکانە لەناو شەندەفرەکەدا، ئەو شەندەفرە بجێ دەهێت و لە وەستگە نوەکەی ژیانیدا دەمنتەوە، دەستی لەژەر چناگەیدا داناوە، خیاڵ بە وەستگەیەکی دیکە و جیهانەکی دیکە دەیبات، چاوەڕێی ئەو دەکات بەکوو هەمان شەندەفەر جارەکی دیکە بە سەر هەمان ەوت و ئاراستەی بابتەوە یاخود چاوەڕوانی شەندەفرەکی دیکە بکات، بەکوو هەی بگرێت و بەرەو وەستگەیەکی دیکەی بیگەنتە هەوارەکی دیکەی ژیان.
ئای لەم ژیانە، شەندەفەری ژیان بەرەو هەر هەوارگەیەکمان بەرێت و وەستگەکان هەرچەندە بگەن، هەرچەندەکیش گەینی دیمەنەکانی دەوروبەر ئاسان بێت یان ئاەز، بەام گەینی ئەندشە و خیاەکان، ناخ و هەستەکان، بەها و بچوونەکان کارەکی ئاسان نیە: ئەوەی کە پەش ماوەیەک شووشەی شەندەفرەکەی بی، سنوورەکانی نەهشت و بوو بە بشەک لە ویژدان و ناخ، هەتا ئەستاش هەر لەگەیدایە و یاوەری گشتکەی دەکات، بردەوامە لە بوونی خەی لەناو ویژدانیدا.
هەموو وەستگەیەک، هەموو گشتەک بشەک لە خەشی و ناخەشی، تاڵی و شیرینی، هیوا و ەشبینی، پەکەنین و گریان، فشار و ئاسانی، تاریکی و ووونی لەناو خیدا هەدەگرێت: ئەگەر هیچیش پێ نەبەخشێت، ئەوا ئەزموونەک دەبەخشێت، ئەگەر ئەزموونیش نەبەخشێت ئەوا بەلایەنی کەمەوە یادگارییەک لەناو ناخی مرۆقدا بجێ دەهێڵێت.
تە بەیت ئەم شەندەفەرەی داهاتووش شتکی نوەم بە نەهێنێت؟ تە بەیت وەستگەی داهاتووم ئەوە بێت، کە ویستووەمە و ئاواتەخوازی

بووم؟ لەم شەندەفڕەی ژیانمدا بۆ گۆڵێک وەستگەدا تێپەڕ بووم، گۆڵێک دیمەنم بینی، ئەم هەوار و ئەو هەوارم کردووە، لە چەندین وێستگە دابەزیم و لەوێش زیاتر سەرلەنوێ بارەو وەستگەیەکی نوێ سواری شەمەندەفەری ژیان بووم‌تەوە: هەندێکیان هەتا ئەم ساتەوەختەش لە ناخمدان، لە هەندێکیاندا باری خەم و پژارەی خەمم تیایاندا بۆجێ هێشتووە، لە هەندێکیشیاندا بارێکی نوێی خەم و پژارەم لەگەڵ خەم بار کردووە، بەڵام ژیان هەمیشە هەر وا بووە و هەر واش دەبێت: وەستگە و شەمەندەفەرەکان دێن و دەڕۆن، وەستگە و شەمەندەفەرەکانیش ئەمە دێن و جەماوەر دەهێنن و دەیبەن . .

لە هەموو ئەم چیرۆکانەدا گۆڵێک جار تاکە شتێک لە ژێر دەستاتدا بەمنەتەوە ئەوێیە: لە یەکێک لە وەستگەکاندا دەوەستیت، بیر لە گەشتێکی پێشووت دەکەیتەوە، لە کۆوە دەستت پێ کرد، بۆ کوێدا تێپەڕیت و لە کوێدا کۆتایی هات. لەو ساتانەدا مرۆڤ ئاواتەخوازی گەڕاندنەوەی کاتێ بۆ ئەوەی شەمەندەفەرێکی دیکە بگریت یان بڵایەنی کەمەوە لە وەستگەیەکی دیکە دابەزیت و بۆ شوێنێکی دیکە شەمەندەفەرەکە بۆجێ بهێڵیت، ئەم خەیاڵە لە ئامێز دەگرێت، چنگەکە بۆ ئەو سات دەکات، مرۆڤ گۆڵێک جار لەناو وەستگەیەکی ژیاندا تەنیا جێستەیەکە: ڕۆحیش لەناو یەکێک لە شەمەندەفەرەکانی ژیاندا یاخود لە یەکێک لە وەستگەکاندا گەشتێکی دیکە دەکات.

خۆ ئاواتی ڕۆوتێکی باشتر لە گەشتەکەی ژیاندا هەمیشە لە ناخدایە، خەیاڵی سبەینێیەکی ڕووناتر ئەندێشەیەکی بەردەوامە، بڵایەنی کەمەوە دەیەوێت ئەم جارەیان شەمەندەفەرێک بێت و لەو وێستگە چەقبەستووە ڕزگاری بکات بارەو شوێنێک، کە دەمکە تابلۆکانی لەناو خەیاڵیدا کێشراون، چونکە مرۆڤ دەزانێت تەنیا دوا وەستگەی ژیان کۆتایی بە گەشت و ئاواتەکان دەهێنێت. وەستگەی مردن: جا پاش ئەوە ئایا شەمەندەفەر بارەو کوێمان دەبات، لە چ وەستگەیەک دەگیرسێنەوە و ئاراستەمان بارەو کوێوە دەڕوات؟ ئەوەیان پرسیارێکی دیکەیە و وەڵامی ئەو پرسیارەش بۆپی دیدەکان بگومان جیاوازن، بەڵام لەناو هەموو ئەم بیر و بۆچوونە جیاوازانەدا ئەوەی تیایدا کەکین ئەوەیە: بوونی هیوا و ئاوات بە گەشتێکی دروست بارەو وەستگەیەکی دروست تەنها بە کۆتایهاتنی گەشتی ژیان نابێت، ئەگینا هەرگیز کۆتایی نایێت.

ڕزگارکردنی موسڵ و مەترسی شەپۆلێکی تری ئاوارەبوون … 5 – 5

هەسوێ بەسکێنی

قەناغی دوای داعش و چارەنووسی کورد

دکخراوی تیرۆریستی داعش وەك هووداوێکی لەناکاو سەری هەڵدا و لە 10-6-2014 شاری موسڵی داگیر کرد و لەماوەیەکی کەمدا سنووری فراوان لە ناوچەکەی کۆنترۆڵ کرد، ئەگەرچی لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا داعش لەعیراق دووچاری شکستێکی گەورە بۆتەوە و ناوچەیەکی زۆری لەدەستداوە کە پێشتر داگیری کردبوو، بەڵام هێشتا شاری موسڵ و چەند ناوچەیەکی تری بەدەستەوەیە، هێزە عیراقیەکان بەهاوکاری هاوپەیمانان لە هەوڵی کۆنترۆڵ کردنەوەی ئەو شارە دان، هەرشە پچڕ پچڕەکانی سوپای عیراق لە باشووری پارێزگای نەینەوا و باکووری سەلاحەدین لەچوارچێوەی ئامادەکاریەکان دایە بۆ دەست پێکردنی ئۆپەراسیۆنی بەرفراوانی ئازاد کردنی شاری موسڵ، ئامانجی داهاتووی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و عیراق ڕزگارکردنی شاری موسڵە کە بە حەشارگەی سەرەکی داعش هەژمار دەکرێت. بەپێی زانیاریە ئەمنیەکان و لێدوانی بەرپرسانی سەربازی عیراقی و ئەمریکی لەماوەیەکی نزیکدا شەڕی کۆنترۆڵ کردنەوەی موسڵ و ڕزگار کردنی لەدەست داعش دەست پێدەکات، بەهۆی ئەو شەڕەوە پێشبینی دەکرێت نزیکەی یەك ملیۆن کەسی دیکە لەو پارێزگایە ئاوارەی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی تر بن. سایتی خەندان لە 18-7-2016 باوی کردەوە دوای سەردانێکی بۆ عیراق (یولخیم ڕۆکەر) دیپلۆماتکاری ناوداری ئەمانی و نوێنەری هەمیشەیی ئەمانیا لە دکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەرلینی پایتەختی ئەمانیا ئاماژەی بەوە کرد مەزندە دەکرێت زیاتر لە دوو ملیۆن هاووڵاتی عیراقی ناچاربن ماڵەکانی خۆیان جێبهێڵن بەهۆی شەڕی داعشەوە، دوور نیە بارودۆخی خراپی داعش هەندێك لەخەڵکانی خۆیان بەتایبەت ئەو کەس و منداڵانەی لەسەر مەشق هێنراون، خۆیان بخزێننە کاروانی ئاوارەکان و بۆن

لەکوردستان وەك ئاوارەیەك نیشتەدێ بن، ئەمەش مەترسیەکی گەورەیە لەداهاتوودا کاریگەری نەك لەسەر عەرەبە ئاوارەکان، بەڵکو کاریگەریان لەسەر کوردیش هەبێت، بەهار عەبدوڵەحمان بێیاردەری لیژنەی پێشمەرگە لەپەرلەمانی کوردستان بێ (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: پێشبینی دەکرێت چەکدارەکانی داعش ئەو مندااڵانەی لە فڕۆگەکانی ئەو ڕووبڕاوە ڕاهێنانیان پێ کراوە، خێیان بخەنە ناو ئەو ئاوارانە ووڵاتی کوردستان بکەن، وەك ئەوەی ڕوویان لە ئەوروپا کردووە، گووتیشی گرنگە لەلایەنی ئەمنی کوردستان ئەو پرسە بەگرنگ وەربگرێ و خێی بێ ئامادە بکات، گووتیشی: پرسی ئاوارە و پرسی ئەمنی دوو بابەتی لەیەکتر جیاوازن، " هەرێمی کوردستان بەهێی حەواندنەوەی ئاوارە و کارکردن بێیان ناوبانگی زۆری لەدنیا پەیدا کردووە و زۆربەی هاوکاریەکانی وڵاتانیش بەو هێیەوە بووە، بەڵام پرسی ئەمنی بابەتێکی جیایە" باشترواید ئاوارەکان کەمپی تایبەت بەخێیان هەبێت و تێکەڵ بە خەڵکی هەرێمی کوردستان نەکرێن، بەبوونی کەمپەکان زیاتر دەتوانرێ کۆنتڕۆڵی ئەو کەسانە بکرێت کە داعشن، یان هەڵگری بیرۆڕای داعشن و لەبەرگی ئاوارەدا ڕوو لە کوردستان دەکەن"

سوپای عیراق بەهاوکاری گروپە چەکدارەکانی تر و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی زۆرێك لە خاکی ژێر چنگی داعشیان ئازاد کردووە، خالد عوبێدی وەزیری بەرگری عیراق ڕایگەیاند هێرش کردن بێ ئازاد کردنەوەی موسڵ پێویستی بەهەماهەنگی کاریگەر هەیە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئاشکرای کرد لە ئێستادا لە10% ی خاکی وڵات بەدەست داعشەوە ماوە. پێشبینیشی کرد لەگەڵ دەست پێکردنی شەڕی خەڵکی ئەو شارە هەبێن و خێیان ڕزگار بکەن. لەو بارەیەوە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بەداعش بێ کۆنترۆڵ کردنەوەی موسڵ لەکۆبوونەوەیەکی فراواندا لەئەمریکا بەبێ نوێنەرایەتی کورد تاوتوێی هەنگاوەکانی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو ڕێکخراوەیان کرد، ئەوەش کاردانەوەی بەرپرسانی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە، چونکە کورد لایەنێکی سەرەکی ئەو شەڕەیە، پشت گوێ خستن و خەمساردی بەرامبەر بەکورد زیان بەپرسەکە دەگەیەنێ، بێ گومان دوای جەنگی داعشیش بارودۆخی ناوچەکە بابەتێکی ئاڵۆزە بەتەواوین لە کێشە ناوخۆییەکان ئەوە ڕەچاو دەکرێت بێ لەمەودوای شەڕی داعش سروشتی بەردەوامی ململانێکان و گۆڕانکاری جوگرافی سیاسی ناوچەکە بەردەوام بێت، ئەمە قسەمان لەسەر موسڵ و هەرێمی کوردستانە، لە ڕووکەشدا شەڕەکە دژی داعشە، بەڵام لە ڕاستی دا شەڕێکی مەزهەبی- ئیتنی یە، گەڕەپانی شەڕەکەش ناوچەی سوننەنشین و خاکی کوردە، هەرچەندە کورد لەشەڕی داعش قارەمانی زۆری نواند و قوربانی زۆری داوە، گورزی بەهێزیشی لە داعش داوە، ڕەوتی ڕووداوەکان ئاماژە بێ لاواز بوونی

داعش و لەدەستدانی بەشێکی زۆر لەتواناکانی لە پاشەکشێ دایە، ئەمریکا و ئۆژئاواش بەپەلەیە لە کۆتایی هێنان بە بادەستی سەربازی داعش لەناوچەکە یان هەرنەبێت بێ ئەم قۆناغە، لەئێستادا ناوچەکە لەبەردەم گۆڕانکاری قۆناغێکی نوێ دایە ئەویش قۆناغی دوای داعشە، قۆناغی دوای داعش قۆناغێکی ئاڵۆزدەبێت بەپێی ئاماژەکان گرژی و ئاڵۆزی نێوان سوننەکان و شیعە بەردەوام دەبێت، بێ مەرجەعی شیعە و هەر گروپە ڕووی لەلایەك ئەوەش کێشەیەکی تڕە، لەلایەکی دیکە کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان ئەگەرچی بەقارەمانیەتی و گیانبازی پێشمەرگەی کوردستان لەدەستی داعش دەرهێنراون و لەلایەن پێشمەرگەوە سەرپەرشتی دەکرێن، تائێستا وەکو کێشەیەکی ئاڵۆز و هەواسراو ماوەتەوە و چارەنووسی دیار نیە، ئێستا داعش هێکارێکە بێ داپێشینی هەموو ئەگەرەکان لەنێوان حکومەتی عیراق و هەرێمی کوردستان هەموو هەستە شاراوەکان و بوغز و کینە نهێنیەکانی ناو دڵی دەسەاتدارانی بەغدا کپ کراون، هەر کاتێك شەڕی داعش نەما ئەوا ڕووبەڕووبوونەوەکان لەگەڵ بەغدا دەست پێدەکەن، لەبەر ئەوە کورد پێویستە قۆناغی دوای داعش لەبەرچاو بگرێت و بەرچاوی ڕوون بێت لەوەی پاش شەڕی داعش گۆڕانکاریەکان چۆن دەبن و چی ڕوودەدات، پاش قۆناغی شەڕی داعش یەکێك لە ئاماژەکان ئەوەیە فیدڕاڵیەت بێ سوننەکان دروست بێت، ئەوەش بێ خڵی کێشەیەکی دیکەیە، پرسی ڕزگارکردنی موسڵ و مامەڵە کردن لەگەڵیدا پرسێکی ئاڵۆزە، کەمەگای نێودەوڵەتی و لایەنە ناوخۆییەکان کێکن لەسەر ئەوەی پێش ڕزگارکردنی موسڵ، ڕێك کەوتن بکرێت لە نێوان حکومەتی عیراق و هەرێمی کوردستان و حکومەتی خۆجێی موسڵ لە ڕووی سیاسی و سەربازی، پێویستی بەلێك تێگەیشتنی لایەنی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عیراق و حکومەتی خۆجێی موسڵ و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هەیە. لەلایەکی تر بەرامبەر بەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کوردی عیراق هەقە دراسەیەکی وردی بێ بکەن، چونکە بارودۆخی ئۆژهەاتی ناوەڕاست یان لانی کەم ئەم ناوچەیەی ئێمە لەنێوان دەستوەردانی خۆرئاوایی و سیستەمی خێڵەکی و مەدەرنەتەیەکی شەرمن سەرگەردانە، لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا ئۆژئاوا لەپشتگیری عەرەبێکی خێڵەکی و ئیشتراکی و ئەمڕۆش پشتگیری گروپی ئیسلامی و سیاسیە جۆراوجۆرەکان لە هەبەز و دابەزدابووە، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەش بەدرێژای ماوەی جەنگی سارد و ئێستا چەندین گۆڕانکاری لە پەیوەندی وڵاتانی ناوچەکە و خۆرئاوا هاتۆتە ئاراوە، ئەگەرچی ئێستا زۆر کەس کورد و نیشتمانەکەی بە پێویستیەکی جیۆپۆلەتیکی دەزانن بێ ئۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا، بەهۆی بوونی هەکەوتەی جوگرافی و سامانێکی زۆری سروشتی و سامانێکی مرۆیی بەپیت لەبواری سەربازی، بەڵام

مەترسی گەورە ئەوەیە شەڕی داعش کۆتایی بێت، لە دابەش کردنی دەستکەوتەکانی شەڕ کورد مایەپوچ بێت و نەیتوانبێت خۆی کۆبکاتەوە و هیچ بەیارێکی نەدابێت، لەبەر ئەوە گرنگە پێش کۆتایی هاتنی شەڕی داعش کورد بەیاری کۆتایی خۆی دابێت، چونکە دوای کۆتایی هاتنی داعش مەترسی ئەوە هەیە ووداوەکان هێندە خێرا بن کورد فریای ئەوە نەکەوێت لەو کارانە بدوێت. بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانیە ناکۆکی توندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی هەرێمە، جیاوازیان لەچەندین لایەنی وەکو سەرکایەتی هەرێم و سەربەخۆیی و ئیفراندەم و چەندین شتی تر هەیە، ئەوەش دوورنیە بەهۆی دابەش بوونی هێزە ناوچەییەکان بێت، کەلایەنە سیاسیەکانی کوردی بەسەر دابەش بووە، زۆر گرنگە لەم قۆناغەدا کورد مامەڵەیەکی لەبار و تەندروست بکات نەیەڵێت ململانێکان بەئاقاری لاوەکی و نەشیاودا هەنگاو بنێن و مەبەستە سەرەکیەکە لەبار ببات.

عەرەبستانی سعودی و خەونی سەربەخۆیی کوردستان … ئەحمەد رەجەب

لەم رۆژانەدا دوژمنایەتی لە نێوان دوو وڵاتی ئیسلامی گەورەو دەوڵەمەندو کۆنەپەرست و دووواکەوتوو (ئێران و عەربستانی سعودییە) بە هۆی مەزهەب و دەمارگیری نەتەوەیی شیعەو سوننە گەیشتووەتە لوتکەو سەر ئێسقان و هەردوولا لە رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆن و سەتەلایت و هەموو بەشەکانی راگەیاندن و ماس میدیا هەرش ئەکەنە سەر یەکترو ئەوەی سەیرە لاف و گەزافی مرۆڤدۆستی و دیموکراسی لێئەدەن.
هەر لەم رۆژانەدا هەندێ کەس لەوانەی ماپەرەی کوردییان بێ ئامادە کراوەو پارەی نووسین وەرئەگرن، خۆشحاڵن بە عەرەبستانی سعودییەو ، دەستوەردانی لە خاکی کوردستان و، بە پشتبەستن بە هاشەوهوشەی باڵیۆزو قونسڵ و راگەیاندنەکانی ئەو وڵاتە، دەستیانداوەتە نووسین و، بانگەشەی سەربەخۆیی کوردستان ئەکەن.
پێگەی عەرەبستانی سعودیێ لە ناوچەکەو جیهانیشدا زۆر گرنگەو، وڵاتێکی دووواکەوتوو داخراوەو، بەڵام بە هۆی نەوت فرۆشتن بووەتە

وڵاتێکی دەوڵەمەندو پێگەی بەناوبانگە لە خەرجکردن وبەخشینی دڵارو لە ئێستادا بۆ وڵاتانی شڤەنیست وتاقمە تووندرەوو تیرۆریستەکان بۆ نموونە تورکیاو حەماس و دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) و ئەحرار ئەلشام و بەرەی نوسرە (فتح الشام) و ئەنجومەنەکەی ئیستەنبوڵ و پشتریش بۆ تاقمی قاعیدەی خوێنڕژو ئوسامە بن لادن و تالیبانی ئەفغانستان و بزوتنەوە ئیسلامییە رەنگاورەنگەکان سەلەفی و وهابی و جیهادی و هتد...
دزین وفڕشتنی نەوت و گەندەڵی بنەماڵەی ئال سعود کە خۆیان کردووە بە خاوەنی گشت خاك و سەرمایەو نەوت و دەسەڵات و، هەرچی پێستی شایستە هەیە وەك : سەرۆك وەزیران و، وەزیری دەرەوەو ناوخۆو وبەرگری و، ئاژانسی ئەمن و ئاسایش لەو پەری گەندەڵیدایەو، زوربەی گەندەڵییەکان لە بواری نەوتدا بەدی ئەکرێن کە یەك لە سەر چواری نەوتی دونیایەو لە ژێر رکێفی بنە ماڵەی شا سەلمانی خەڵەفاو نەزانە.
ئەتوانین بڵێن ئەم بنەماڵە گەندەڵە سەرپەرشتی کێگە نەوتییەکان ئەکات و، بووەتە پاسەوانی بەرژەوەندی ئابووری ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاواو، گەڵی عەرەبستانی سعودی لە ژێر ڕووەوە فەرامۆش کراوەو، نەوتەکەیان لە خزمەتی بگانەیەو بووەتە بەڵا بەسەریانەوە.
هەندێ لە نووسەران دەخۆشن کاتێك ڕاوۆژکاری شای پێشووی سعودیێ (ئەنوەر عیشقی) باس لە مافی سەربەخۆیی کوردستان ئەکات و، وەك ڕۆییەکی فێبازو لە ژێرلێوەوە ئەڵێت: پشتیوانی لەسەربەخۆیی کوردستان ئەکەین و، هەر زوو خۆی بەدرێ ئەخاتەوەو ئەڵێت : ئێمە لەسیاسەتی دەرەوە باس لە یەکپارچەیی خاکی عێراق ئەکەین و، لێرەدا پێویستە ئەو نووسەرانە هەوەستەیەك بکەن و بزانن کە وڵاتێکی عەرەبی کێنەپەرست وەك عەرەبستانی سعودی قەت لە گەڵ مافێکی ڕەوای گەلەمان یەکناگرنەوە.
عەرەبستانی سعودی لە ژێر دروشمی ئیسلام و، ئاڵای ئەڵلاهو ئەکبەر بزوتنەوە تووندرەوەکان بۆاو ئەکاتەوەو، ڕەخنە لە هەوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەگشتی و، ئەمریکا بە تایبەتی ئەگرێت و، لەم بارەیەوە هێلاری کلینتۆن پاڵەوراوی دیموکراتەکان بۆ سەرکایەتی ئەمریکا لە وتارێکدا وتی: کاتی ئەوە هاتووە بەر لە سعودییەکان و قەتەرییەکان و کوێتییەکان و، کەسانی تر لە وڵاتەکانیان بگرێت بۆ ئەوەی چیتر پارە نەدەن بە ڕێکخراوەکانی تووندوتیژی و، پشتگیری لە قوتابخانەو مزگەوتەکانی تووندوتیژی نەکەن، کە پاڵ بە ژمارەیەکی گەورەی گەنجان ئەدات لە سەر ڕێی تووندوتیژی لە جیهاندا خۆیان بنوێنن.
لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو عەرەبستانی سعودییە کەوتە یارمەتیدانی تووندرەوەکان دژ بە بیروباوەڕی جەمال عەبدولناصر و

ئایدلوژیای سۆسیالیوم و شیوعییەت و، سعودییەکان وتوویانەو ئەستاش ئەیانەوە: ئیسلامەتی رێگایەکی بەسوودە گەر بتەوێت لە بوارێکی فراواندا بەکاری بهێنێت و، لێرەدا شایانی باسە سەرکی ئەمریکا باراك ئۆباما لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا راشکاوانە وتی: عەرەبستانی سعودی بە ئاشکرا تۆندوتیژی لە جیهاندا بڵاو ئەکاتەوەو، رووی ئیسلام ناشیرین ئەکات.
عەرەبستانی سعودییە بەوە ناوەستێت تەنها خەرجی تۆندرەو تیرۆریستان دابین بکات، بەڵکو ئەم بیرە تۆندرەوە (وهابییە) لە رێی مزگەوت و قوتابخانەکانی جیهان بڵاو ئەکاتەوەو. بۆیە لاپەرەی وەاتی عەرەبستانی سعودییە لە بواری مافەکانی مرۆڤ پرە لە کارەسات و، بێ وێنەیە لە جیهاندا وەك: سەرپەراندن و، بەبەشکردنی ئافرەتان لە هەموو مافەکانی.
لە رووی جوگرافیاوە عەرەبستانی سعودییە نزیکە لە تەنگەی هورمزو تەنگەی باب ئەلمەندەب و کەنالی سوئیس و، ئەم شوێنە زۆر گرنگە بۆ ئەمریکا کە هەمیشە لە هەوڵی زامنکردنی رێگای گواستنەوەی نەوتەو ، لە ساڵانی پێشوودا رێگابرین لەوەی بیرو نفوزی شیوعییەت پەرەبسەنێت و، هاوکات عەرەبستانی سعودییە بوو بوو بە بنکەیەکی ئابووری ئەمریکاو، شان بە شانی ئێران کە بنکەی سەربازی ئەمریکا بوو.
ئەو قەناغە، قەناغی ئاڵتونی ئەمریکا بوو، چونکە عەرەبستانی سعودییە لە گەڵ ئێران هاوپەیمان بوون بۆ بەربەرەکانی شیوعییەت و، لە پاش شۆرشەکەی میسرو هاتنی جەمال عەبدولناصرو، بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوایەتی عەرەب، میسر بوو بە رکابەری بەهێزی عەرەبستانی سعودییە.
سامر ئەلسەهبان باڵیۆزی عەرەبستانی سعودییە لە عێراق لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی الشرق الاوسط پشتگیریی تیرۆریستێ سعوودییێ زیندانیکراوەکانی ناو عێراقی کردو، داوای لە حکومەتی عێراق ئەکات ئەو تیرۆریستێ سعوودییانەی لە بەندیخانەکانی عێراقدان بۆ شوێنکی دادپەروەرانە دادگایی بکرێن و، هەروەها لە بەشکی تری گفتوگۆکەیدا داوا ئەکات مافی مرۆڤ بۆ ئەو تیرۆریستێ زیندانیکراوانە پارێزراو بێ.
ڕێکخراوی هومان رایتس ڕەخنە لە دەسەاتی پیاوان بۆ سەر ژنان ئەگرێت و، تا ئێستا ژنان مافیان پارێزراونییە و، هیچ ژنێك بەبێ فەرمانی پیاوەکەی ناتوانێت گەشتێك بۆ دەرەوەی وڵات بکات یان لە جێگایەك ئیش بدۆزێتەو کار بکات و، ئافرەتێك لە تەمەنی 62 ساڵ ئەێت هەست بە شەرمەزاری ئەکەم چونکە بەبێ مێەتی کورەکەم ناتوانم بچمە دەرەوە، من ئەوم گەورە کرد بەڵام ئەو خاوەنی منە.

ڕەبازی عەرەبستانی سعودییە بە پێی "" دەستەی گەورە زانایان "" لە سەر شەریعەتی ئیسلامەو، هەموو مافێکی دەستبەرکردووەوە، بنچینەکانی دادپەروەری و ئازادییەکانی چەسپاندووەو، لەم رووەوە ئەمینداری گشتی دەستەی زانایان شیخ فەهد سەعد ئەلماجد ئەت: شانشینی عەرەبستانی سعودییە وەاتی هەردوو (حەرەمی شەریفە) و لانکی پەیام و دەستپێکی ئیسلامەو مافی مرۆڤ و کەرامەتی ئەپارێزێت.
بە وەامی ئەو "" گەورە زانایانە "" درێزنانە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئەوانەی بەرگری لە ئازادییەکان ئەکەن ئەن: عەرەبستانی سعودییە پشەنگە لە پشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان و، ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەنگرەو، هەر لە مژەوە لە ساڵی 1927 وە لە سەر دەستی شا عەبدولعەزیز تا ئێستا پەیرەو ئەکرێت و، ئەم وەاتە خێی لە قەرەی 30 ملیۆن کەس ئەدات و، ساڵانە 600 ملیار دۆلار ئەچێتە سەر گەنجینەی وەات، بەام خەکەکی زۆر هەژارو برسی بەدی ئەکرێن.
هیچ کاتێك شا بە تەنگی هاوەاتیان نایەت و، تەنها بۆ بنەماڵەی کار ئەکات و، هەرچەندە باس لە کەمەگەیەکی دوور لە گەندەڵی و دەمارگیری ئەکرێت، بەام عەرەبستلنی سعودییە بووەتە وەاتێکی دوواکەوتوو، باری ئاسایشی بەرەو خەراپە مل ئەنێت و، تاقمێك خۆیان کردووە بە زاناو موفتی و، ئەم موفتییانە بە ئارەزووی شاو بنەماڵەی شا فتوای – دەستبرین و، چاو هەکەین و دەرکردن و، لێدانی جەدە (هەر مرۆڤێك تاوانبار بکرێت) بە کردەوەیەك جەستەی ئەخەنە بەر لێدانی قایش و سوندە (ئەوەش موفتی بریار ئەدات چەند جەدەی لێ بدرێت).
بە پێی ڕێکخراوی فریدەم Freedom House کە تایبەتە بە لێکۆینەوە دەربارەی دیموکراتییەت و ئازادی سیاسی عەرەبستانی سعودییەو تورکیا لە ریزی خراپترین وەاتانی جیهانن، لە پشێلکردن و سەرکوتکردنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ و، کەس ناتوانێت دەنگ بەرز بکاتەوە یەکسەر ڕاپێچی ئەکەن ولە پاش سوکایەتی و لێدان تووری ئەدەنە زیندانەوە.
چالاکەوان و ئافرەتانی ئەکتیڤ لە بەرگری لە مافی ژنان، ئاماژە بەوە ئەکەن رژێمی عەرەبستانی سعودییە دووا‌کەوتووەو، ئافرەت هیچ ئازادییەکی نییەو، ئەم وەاتە یەکەمین وەاتە ئافرەت بێ نییە ئۆتۆمبێل واژو بکات.
لەناو بنەماڵەی شا سەلمان باۆ باۆنەو زورانێك لە نێوانیاندا بەڕووە ئەچێت و، ئەمریکا چاودێری ئەو بارودۆخە ئەکات و، وایداناوە بەم زووانە شازادە محەمەد سەلمان ئەبێتە شای عەرەبستانی سعودی چونکە شا سەلمان و، جێگرەکەی شازادە محەمەد نایف نەخۆشن و توانایان نەماوەو، بۆیە ئەمریکا بانگەشتی محەمەد

سەلمانیان کردو سەردانی ئەمریکای کرد لە پێناو ناسینی لە نزیکەوەو، وردەکاری و زانیاری لە سەر ژیانی.
لە ئایندەیەکی نزیکدا زۆرانی ئۆران و شیعەکان و، عەرەبستانی سعودییەو سوننەکان ئەبێنن و، هەردوولا ئەیانەوێت لە کوردستان نزیك ببنەوەو، کوردستان راپێچی جەنگ بکەن، بۆیە پێویستە ئێمەو، ئەو نووسەرە بەرزانە بانگەشەی سەربەخۆیی کوردستان ئەکەن لە گەڵ گەلە قارەمانەکەمان و پشمەرگە ئازاو خۆراگرەکانی سەنگەر دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) داوا بکەین لە ئاگری ئۆران و عەرەبستانی سعودییە دوور بکەوینەوەو، قەت دڵخۆش نەبین وەاتکی کۆنەپەرست و دووا‌کەوتوو سەربەخۆیی بۆنەتەدی.

28/9/2016

ئاوازە ماندووەکانی یەکتەنی-1 …نە ژاد عزیز سورمێ

بەشی یەکەم

((ئاخ سنگی قووڵی ئەم بێدەنگییە چ پاك هەناسە هەڵدەکێشێ…
بۆوانە چۆن ئەم بێدەنگییە پیرۆزە گوێ ڕادەدرێ..
نیتچە))

-A-
وشە تەنیا باڵ نییە ،
لەبەر پێی شازادەدا
بە سوپاس بدرەوشێتەوە…
پەرۆشیی،
کانگەی پێسپاردەیی و
ئاراستەی ڕێ پێ هەڵەکردن دەرچوو…
کەژ، هەر لە دەستپێکدا
کێگەیەکی بەردراو بوو… دڵاو بوو…
کەژ بە ڕووبەندی وا دەردەکەوت

لە قەنەوزی گەمە وەستاوەکانی دەکرد…
لە ساوی ئاو ،
لە ئەندازەگیریی تەزاڵی خەڵگەکان…
لە دەستپێکەوە ،
چاوی لێ بوو
لە تاڕ تاڕ و
سات سات و
چڕی چڕی دەوروبەر فڕ ببوو ،
چاو لە ئاسمان
ورشەی مانگ لە زەکاودا نقوم بکا…

وشە نوخشەی ختوکەدانی ویژدانە!
ئەشقیای بە کوکەوتوو؛
هاوەڵی باران…
ئەوە نیگای هاودەم نەبوو
ەوو لە ئاسمان…
ئەوە چاوی ئارەزووبازی کەژ بوو
کە دەمگوت نەفرەت لە ەشنایی دەکا ؛
خەی لە پاکدامەنی دەدزێتەوە ،
وا دەرچوو…
سپێدەی هاوین ،
لە چاوی تەلیسماوی درەینی کەژ دا
گەی دەباراند…
خەیاڵم دەکرد ئەو ەاەوە
بە بڕ تۆ نەچێتە سەر…
ئەستێرە بکوژێنەوە
جارێکی تر بەیان نەدا…
بەڵام وشە هەرگیز ،
بوونەوەرێکی بە تەنێ نییە.
مەگەر جوانی و ەندی دونیا
لە کوێدا جێیان دەبێتەوە…؟!
بێ ەوناهی ەە
من وشەم بەسە.
تێیش تا هەتایێ نوقمی
وەهمە لەزەت بەخشە ،
ئایدزهێناکانی خێت بە…!
وشە تەنیا باڵ نییە کەژ !

کەژ ی ژووره تاریکه پەنهانەکان
وشه تەنیا باڵ نییە…
من وشەم بەسە…
کەژی فڕباز!
12.8.2004

-B-

گریان… ختوکەی خەیاڵە نووستووەکانی ناخ
لە بەهەستترین تەجەللایدا..
گریان وەجدی شەفەق و نامەی سپێدە ،
لەو چرکە کورتانەی بنەوشەیی دەنوێنێ…
مرۆڤ چەندی پێویستی بە شیعرە، پێویستی بە گریانە…
شاعیر تا پتر لە کێپەی ئاگر و
یەکتەنی شاخ و
تەوژمی باهۆز بگا…
دەبێ بگری…
گریان ئیکسیری دارایی ونا هییە…
شاعیران دەبێ بگرین…
تا خەوەتی نهێنیەکانیان گوێی لێ بوو…
بە نابەدەم مەزانە…
پێویستە قسەیەك لەو مەسەلەیە بکەین…
گریان… باڵی ئەو هەنگاوانەشە
ئازادانە ئەم چێ و ئەو چێ دەکەن…
گریان… بارانی ناوەختی ڕکەوتی خۆشەویستی و
هەشەبای جودابوونەوە و
هاواری برسیەتی و بەجێهێشتنی وار و نیشتمانیشە…
هەمیشە سەردەمی بێ گریان،
بە ڕۆژگاری بێئومێدی و هیوابڕاوی ناوزەد دەکرێن…
گریان…دەستەواژەیەك نییە ،
مانای لێکبدرێتەوە ،
گریان نیازێکە
وێنەی کەڤاڵی هونەرمەندێك ،
بە کۆمەڵك هەهەندی دیار و نادیار دەخوێندرێتەوە…

دەسا بابگرین بە سەر سێبەری ،
ئەو ئاوازانەی گژوگیای بناریان بە عەشق دەنەخشاند…
بابگرین

به سەر تارمایی ئەو خەونانەی بە شیعر دەستیان پێکرد و
بە شیعر کۆتاییان هات…
با بگرین !
بەسەر جوانییەك
پێشەنگی کەژاوە و
چرای سەفەرە…
با بگرین…
ئاسمان چاومان لێ دەکا…
ئاسمان لاساییمان دەکاتەوە…

6.8.2004

پۆیست ناکات گوڵ لێشەنگالێکان بگری " ئەحمەد " بدوێنی بۆسێ.

ئەرسڵان مەحمود

ئەوێی
تاقەتی خوێندنەوێی
"گەرمیان و، هەڵەبجەو، پشدەر "ـی، نەبوو،
وێنەی گەنجێ ئەتککراوەکەی " هەولێر " ـی
پیشانبدەن !!

ئەوێی
کاتی هەڵدانەوێی
پێ پێی تراژیدیاو، کەوەکانی"91 و 96 "ـی نەبوو،
وێنەی پێشمەرگێ ئەتککراوەکەی"27ی ئەیلولی 2016 "ـی
بدەنێ دەست !!

پۆیست ناکات،
گوڵ لێشەنگالێکان بگری! " ئەحمەد " بدوێنی بۆسێ،

تەدەگەی بەچی و، لە بەرچی
ئەتککران !!

گرینگ نیە،
یەکبەیەکی سەنگەرەکانی یادەوەری بگۆڕی،
مژووی کورد، یانی قەشمەرخانەی خۆ، پەکدادانی دوو تاشە بەرد،
یانی ئەتککردنی جەنگاوەری ڕۆشنایی !!

ئەتککردن،
جگە لە بەهەزکردنی
زەوقی ئەتککردنی یەکتری، هیچ شتێکی دی، بەهەز ناکات،
مرۆ دەکا بەهەر شتێك جگە لەخەی، قوربانییەکانی
جیاناکرێنەوە، لەهیچ !!

کردەی
ئەتککردن،
ملیۆنەها جار، ملیۆنەها فرسەخ،
لەکردەی حزبییەوە، دورە، ئەوەی نەتوانێ عاشقی ژیان بێت،
ناتوانێ ئازادی قبوڵ بکات، ئاگاداری
نیشتمان بن !!

ئەرسەلان مەحمود

کێباب … پشکۆ ناکام

…..من کاکە هەمن بنەساوەیی ناناسم و پەویستم بەوە نیە بچمە بنج و بناوانی تایافەکەی تا بیناسم ، ئەوانە ئەزانم کە بە من ئاشنایە، چونکە هەر کەسێک چەوسایەوە و ئازادی لە زەوت کرا لە بەڕی منە و ئازارەکانمان یەکە، پارتی و بنەماڵەی تاجی ئاش بەتاڵ لەسەرکراو وا ئەزانێت بە سەر تاشینی کەسێک ، ئیتر مژووڵ ڕۆش و رابردوو لێ و سجل ئەعمالی زەردەگۆاویان لە زهنیەتی خۆک دەرئەچە و هەموو دەستوسان دائەنیشین و ئەمین : ماشائڵا لە وەجهی نورانی بنەماڵە وسەرانی ! پارتی بە حسابی خۆی ئیهانەی کەسکی کردووە کە وەک ئەو بیر ناکاتەوە ، بەڵام گەر پارتی و

بنەماکە سەیرکی ئاوەنە بکەن ئەزانن کە ئەوە ئەوانن زیاتر لە حەفتا ساڵە بە وجودیان ئیهانەی خەیان ئەکەن وهەموو ڕۆژکی عومریان ئیهانە و سوکایەتیکی تازەیە بە خەیان و حاشیە و قەزەمکانی دەور و پشتیان ، گەر کەمانی خەک لە ئاش بەتاڵا سەر و بڕی بنەماکە و موریدکانی بتاشیایە وەک سزایەک بە مەزاد کردنی خوەن و فرمسکی چواردە ساڵی خەک و خە هاویشتنە ناو باوەشی "شاهنشا اریا میهر" ئەوە ئەستا جورئەتی ئەویان نەئەبو کارکی وا بەرامبەر هاووڵاتیەک بکەن کە بە پشمەرگایەتی ئەژی ، بەم کردەوە وەحشی و دڕندەگیانەی بنەماکە سەر لەنوە ئەو ڕاستیە خەی دووپات ئەکاتەوە کە بەرامبەر پارتی خەباتی مەدەنی و هەمن و جەدەلیانە قسەی قەکە و ناچێتە گیرفانی کەسەوە مەگەر ئەوانەی لەژەر لافیتەی "ئاگرە سوورە لەخەم دوورە " ئەیانەوێت ناکۆکیەکان لا بەلا بکەن، یەک جار بە زستان ئەووترێت ساردە، یەک جاریش ئەووترێت بنەماکە و پارتی دژ بە خەک و خواست و ئایندەی خەکن و سیاسەتی "مائع"یانە بە سوودە ، ئەوان ئەبە یەک بەیەک و دوو بەدوو مامەیان لە گەڵا بکرێت، ئەوەی پێی وایە وەک "گاندی" ئەتوانرێت مل ملانێ لەگەڵ پارتیا بکرێت ئەوە خەی و دەوروپشتەکەی، پێش خەکە گشتیەکە ، ئەخەڵەتێنێ…پارتی ئەو هەزە جەبەروتە نیە وەک فیل و کەرکەدن بەتە بەرچاومان، هەموو دونەمان لەبیرە شەڕە وورگنە عەبوسکانی پارتی چەن لە شانگال بە دروشمی"پشتەوی کورد پارتیە..چونە پشتەوی تیا نیە " بەهەڵداوان وەک پیشەی هەموو پاڵەوانەکی "علوج" تا دهەک نەوەستانەوە ..پارتی و بنەماکە لە ترس و لەرزی دوو تەپی ئەران، پەنای برد بە سوپای بەعس، و بە پاڵانەوەوە هەنایە سەر هەولەر ، دەبابەکانی سوپای ئەنفال لە پشتەوە و چەکدارکانی پارتیش وەک "لاین مان" ی دووگەڵی بە عەلەمکی زەردەوە لەپشت سوپای بەعسەوە هەوای پایتەختیان مژی، ، پارتی حزبەکی ئەونە دژە خەکە کە لەسەر جیاوازی بیر و ڕا سەری خەک ئەتاشێ، بەناو شاعیری "زەڵە" لە قوتابخانەی ڕەبازەکەی بارزانی ،دەرسی کوردایەتی ئەڵێتەوە.. !! ئەوەی بەرامبەر کاکە هەمن کرا مەسجەکە لەلایەن بنەماکەوە بە سەرجەم ئەو ئەو حیزب و گروپانەی لە گەیا ناکۆکن کە ئەوری لە ناوچەکانی زەردا قاچ خوار دانێ ، وای لە بەسەر یەت،لە بەرامبەر ئەم تەعدا و ئەم تەحەدایەی پارتی کوا کاردانەوەکان ؟ باڵ و ڕانکانی یەکێتی چیان کرد ؟ تەسبیح بە دەستە موسەمانکان هەڵەستیان وەک گروپ چی بوو ؟ گەیان و تەپ و مەشجەب خانەکەی ، چییان لەسەر هەمن ووت؟ یان ئەوەیە قژ و بڕە گەیانکاریەکان نایانگرێتەوە ..گەر دووکەسی سەر بە پارتیش لە سلەمانی بە قژ و بڕە بکرێن و ڕەوانەی سەری سوور بکرێنەوە ، هەبێتە پارتی حسابکی

تر بە تەحەمول و سەبری خەڵک ئەکات و ئەگەر خەی غەشیم نەکات تەئەگات شەق بەشەق یانی چی و چیتر کەمەانی خەڵک بە مەە و ماڵات و ەەعیەت نەزانەت.....
ئەگەر ئەو حیزب و لایەنانە سیاسەتیان پە ناکرەت و لە نەوان وەام دانەوە و خیش کردن لە پارتی واقیان وەماوە ، با پرسەکە بە ئەو خەڵکە داخ لەدەە بە جە بەڵن ، ئەو کاتە قژەک بەدەیان پرچ وبرەیەک بە دەرزرەنەک برە چارەسەر ئەکرەت ..
خەڵک هەقی خەیەتی نەبەتە مەسخەرەی سیاسەتی نە شیش بسوتە نە کەباب...